مەسرور بارزانی: قبوڵی ناکەین هیچ کەس دەست بۆ یەک بست لە خاکی هەرێمی کوردستان ببات



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەمەڵێک هاونشتیمانی سنووری پارێزگای سلێمانی لە وێنامی پرسیارێک سەبارەت بە بەدینگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ دهۆک و خاکی هەرێمی کوردستان، کە لە میدیای فەرمی حکومەتی هەرێم بڵاوکرایەوە دەڵێت: "قبوڵی ناکەین هیچ کەس دەست بۆ یەک بست لە خاکی هەرێمی کوردستان ببات".

ئەمەش لە کاتێکدایە، ماوەی چەندین هەفتە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بێچەی بەردووبمانی ناوچە جیاوازەکانی سنووری دهۆک و هێزەهەواتی هەولێر و باکووری پارێزگای سلێمانی دەکەن و جگە لەوەش لێشکرکێشی گەورەی کردۆتە ناوچەکە و چەندین بازگەیان لەسنووری دهۆک داناوە و داوای ناسنامە لە هاوڵاتیان ئەو ناوچانە دەکەن.

زانیاری زیاتر…

چەندین ساڵە سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بۆخۆی و هێزەکانی لە پارێزگای دهۆک و ناوچەکانی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەکاتێکدا هەرشە فڕۆکەوانیەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 130 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بگوترێ فڕۆکخراوی CPT، دە هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیندراوەکانە، لەبەرامبەردا چەندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە شەنگال لە ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا کراونەتە ئامانج.